کۆبەرهەمی مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی

(کوردی)



وڵاتەکەت

باشتر بناسە

مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی

38968

2025

Preview sample - page 1 of 8 - Soran University Academic Digital Library



ئەم کۆبەرهەمە کاری هاوبەشی
ڕێکخراوی خاڵ و دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفانە

■ نووسین: مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی

■ بابەت: بەرنامەی ڕادیۆیی

■ ساڵی چاپ: 2025/ سلێمانی

■ نۆرەی چاپ: یەکەم

ئامادەکاران:

د. یاسین تەها - موەفەق میراودەلی

هوشیار بەکر - نومێد ڕۆژبەیانی

تۆفیق کەریم - شاخەوان سدیق

ڕەوشت محەمەد

ڕاوێژکاران

محەمەد حەمەباقی - د. زریان حاجی

ڕاوێژکاری یاسایی

شاکر محەمەد ئەمین ڕۆژبەیانی

تایپ:

وریا عەلی - ئاکار تۆفیق

ئیبراهیم حسێن

هەڵەگر:

ڕێبەر بەختیار - سوهەیب فاروق

جووتیار نەریمان

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (1224)ی ساڵی 2025ی پێدراوە.

ئەم کۆبەرهەمە لەسەر ئەرکی بەڕێز د. تەها ڕەسول چاپ کراوە.

نرخ: (٥٠٠٠٠) دینار

Preview sample - page 2 of 8 - Soran University Academic Digital Library

ئەم کتێبە بریتییە لە 249 وتار، کە مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی لە ساڵانی شێست و حەفتاکاندا لە ڕادیۆی تارانەوە بەشی کوردی پێشکەشی کردوون. ئێمەش بە دەقی خۆیەوە ئەیخەینە بەر چاوی خوێنەرانی خۆشەویست. تەنها چەند ڕستەیەک لا براوە، کە پەیوەندیی بە ئێزگەوە هەیە، ئەمە وا، بەڵام بە داخەوە دوو وتاری بە ژمارە (121-120) لەگەڵ لاپەڕەیەک لە وتاری ژمارە (138) ونە.

شێرزاد ڕۆژبەیانی

2004/2/12

Preview sample - page 3 of 8 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

سوپاسی بێپایان بۆ یەزدانی پەروەردگار، کە ئێمەی ڕزگار کرد لە دڕندەترین ڕژێم لەسەر زەمین، کە مێژوویەکی پڕ لە ستەم و تاریکی تۆمار کرد، ڕۆژگارێکی ئەوتۆی ڕەخساند، کە پڕە لە ئازادی و سەرفرازی، ئەمڕۆ دەتوانین لە ژێر سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، هەوای ئازادی هەڵمژین و بتوانین ئەو نووسینانەی قەدەغە بوون لە لایەن ڕژێمەوە بگەیەنرێنە چاپ، ڕزگاری بێت لە شاردنەوە و دروود لە گیانی پاکی پێغەمبەر بێت.

ئەم کتێبە بەنرخە دەخەینە بەر چاوی خوێندەواران و ڕۆشنبیران و زانایانی گەلەکەمان. دانەری ئەم کتێبە (محەمەد جەمیل کوڕی مەلا ئەحمەدی گەورە کوڕی بەکر بەیداخداری ڕۆژبەیانی)یە، لە دێی فەرقانی سەر بە ناوچەی قەرەحەسەنی سەر بە کەرکووك - کەرکووکی کوردستانی، لە ڕۆژی ٢٧ی ڕەجەبی ١٣٣١ کۆچی بەرامبەر بە ١٩١٣ زایینی لەدایك بووە، دایکی (زەهراء کچی حەسەن محەمەد ڕۆژبەیانی ئامۆزای باوکێتی)، لە تەمەنی شەش ساڵیدا هەر لە ماڵی خۆیا، لای باوك و دایکی فێری ئەلفوبێ بووە. خوێندنی قورئانی پیرۆزی دەست پێ کردووە، تا سوڕەتی قەصەصی خوێندووە، ئەو دوای سورەتەکانی بە چەند ڕۆژێ بۆ فەقێ عەبدوڵڵا خوێندۆتەوە، کە لەو حەلەدا لای باوکی فەقێ بووە، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا قورئانی خەتم کردووە و خەتمانەی بۆ فەقێکانی باوکی بردووە.

ساڵی ١٣٣٩ك/ ١٩٢٠ز مەلا ئەحمەدی باوکی بە هۆی ناکۆکیی ڕۆژبەیانییەکانی خزمی، لە فەرقانەوە گواستوویەتییەوە بۆ (باداوا). لەوێ کە باوکی مامۆستای دەرسوتنەوە بووە، لای مەلا سەید وەهابی ئیمامی بادەوا، کە فەقێی باوکی بووە، کتێبە کوردی و فارسییەکانی (عەقیدەی کوردی شێخ سەمیع، سمایل نامە، ناگەهان، باغەوان و ئەبی شودە)ی خوێندووە و فێری نووسین بووە. ساڵی ١٣٤١ك / ١٩٢٢ز کە شێخ مەحموود حەفیدزادە لە ڕەهەنەیی وڵاتی هیندستان گەڕاوەتەوە بووە بە مەلیکی کوردستان (حکومدار) مەلا ئەحمەدی بردۆتە سلێمانی و بە ئامانجی دامەزراندنی جامیعەیەکی وەکو -جامیع الأزهر- لە مزگەوتی گەورە کردوویە بە مامۆستا، مەلا ئەحمەد محەمەد جەمیلی کوڕی لەگەڵ خۆی بردووە و لەوێ خۆی کتێبەکانی (گوڵستان بۆستان و بینای) پێ وتووە، هەر وا فێری (عەوامیلی جورجانی، فەتح و القریب)یش. لەم سەردەمەدا جەمیل ژمارەیەك ڕۆژنامەی کوردیی دیوە و خوێندۆتەوە، کە زوبانی حاڵی حکومەتی شێخ مەحموود بووە، بەڵام لەم دواییەدا ناوی ئەو

Preview sample - page 4 of 8 - Soran University Academic Digital Library

بەیار نەدەهات. ناوی ج بووە. هەموو جارێ کە شێخ مەحموود هاتووە بۆ زیارەتی مەرقەدی کاك نەحمەد لە مزگەوتی گەورە، گاڵتەی لەگەڵ جەمیل کردووە. ناوی ناوە (پێنج مەزەب) و نامۆزگاریی کردووە، بەم وتەیە (رۆژە جەمیل بە مەلا مەلا غافڵ مەبە، بخوێنە بخوێنە)، پاش نیگچوونی حکومەتی شێخ مەحموود، ساڵی ١٣٤٣ك / ١٩٢٤ز کە مەلا نەحمەد سلێمانی بەجێ هێشتووە و گەڕاوەتەوە بۆ ماڵی خۆی لە بادەوا - جەمیلی هێناوەتەوە. هەر لەو ساڵەدا لە کەرکووك (مامۆستا عەلی حکمەت نەفەندی سیامەنسوری) مردووە، کە مەلا نەحمەد فەقێی بووە نیجازەی لێ وەرگرتووە. جا مەلا نەحمەد چوونە پرسەوە و لەوێ چەند رۆژێ ماوەتەوە خەڵقی کەرکووك و مەلا دۆستەکانی داوای لێ دەکەن لە جێی نەو بێتە مامۆستای قوتابخانە ئایینییەکان. نەویش بەڵێن نەدا و دەبێ بچێتە نیمتیحانەوە. مەلاکانی کەرکووك کە حەزی لێ ناکەن و لێی نەترسن، لە نیمتیحانا مەلایێ نەهێنە پێشەوە و نەو لە نیمتیحانا سەر نەخەن. نەمە نەنها بەغیلی نەبێ هیچی تر نەبوو. بۆیە نەو مەلایەیان هێنایە پێشەوە. مەلا نەحمەد خەریك نەبێ بە دڵشکاوی بگەڕێتەوە. پیاومافوولانی کەرکووك ناهێڵن و لە مزگەوتی منارە نەخشینە کە (ناوی مزگەوتی فەرهادە) بە نیمام و مودەریس داینەمەزرێنن، جەمیل و فەقێ کەریم نەحمەد لەگەڵ خۆی نەبانە کەرکووك و لەگەڵ فەقێکانی تری خۆی دەرسیان پێ نەڵێت. لەوێ کەمتر لە ساڵێ نەمێنێتەوە لەگەڵ باوکی نەگەڕێتەوە (بادەوا)، لەوێ قوتابخانەیەکی میری نەکرێتەوە. جەمیل لە پۆلی چوارەم وەرنەگیرێ و سێ ساڵ تیایا نەخوێنێ. لە پاڵ خوێندنی ئایینیدا، جا لەم حەلەدا نەم کتێبانە نەخوێنێ (مەتن موغنی، نیزهار، نەصریفی مەلا عەلی، کیفایەی بێتووشی، لەگەڵ هەندێ کتێبی تری فارسی و تورکی. بەڵام پچڕ پچڕ، چونکە جارجار کە شوانیان نابێ یاساوڵەوان نەم نەرکە نەگرێتە مل. لەم سەردەمەدا فەقێ لە بادەوا نەمانە نەبن: (موستەعید: مەلا نەحمەدی دێلێژەیی، مەلا مارفی خاوەیی، مەلا قادری حەساری و هی تر، سوختەش نەمانە نەبن: سەعدی، نەورەحمان، شێخ حەسەن کەبیر، سەعیدی کاتب سەید نەحمەدی عەرەب، سەید حوسێن و هیی تر.

ساڵی ١٣٤٧ك / ١٩٢٨ز مەلا نەحمەد لە بادەوا نەگەڕێتەوە فەرقان، لەوێ بە دەرسوتنەوە خەریك نەبێ. جەمیلیش لەگەڵ فەقێکانا نەگەڕێتەوە. لەم کاتانەدا فەقێ مەلا کەریم، مەلا حەمید. مەلا نەحمەدی بچووك و چەند کەسێکی تر دەبن، سوختەش زۆر نەبن - جەمیلیش وردە وردە نەخوێنێ و جارجارە سەرپەرشتیی ناشەناوەکانی ماڵی باوکی نەکات، بۆ جۆماڵ و ناشەوانی، هەر وا دەر و شوانیش.

Preview sample - page 5 of 8 - Soran University Academic Digital Library

لەبەر چەند هۆیەك كە نەگەڕێتەوە، بۆ پەیدابوونی ناخۆشی لە نێوانی جووتیارەكانی ڕۆژبەیانی -فەرقانی- و ناغادێ -دەرەبەگ- جەمیل نەچێ بۆ كەركووك لای (مەلا سەید یوسفی) خزمی نەخوێنێ - لە مزگەوتی حەسەن مەكی ئیمام و خەتیب نەبێ. باوكی بەم چەند دێڕەشیعرە بە شێوەی ڕۆژبەیانی نامۆژگاری نەكا خۆشبەختانە گوێڕایەڵی هەردوو نامۆژگارییەكە نەبێ و نەمەش نامۆژگارییەكەیە:

كـــوڕە قـــنجەكەم، مـــایـەی ژیانم
كـــزەی جـەرگەكەم، ڕوح ڕەوانـــــم
وە دڵ بشنەفی، تەمـــێ و پەند مـن
ئـــاراستە مەوی دمـــاڕۆژ ڕۆشـــــن
ئازا بە! بـــخۆن! با نـــەوی بێكەڵك
نەوی وە مەینەت قەشمەرجارِ خەڵك
خـــۆ نـەوار بەوی بـــا ماڵتیش نۆتن
لـــە نام خـــەڵكیا حورمەتت مۆتن
كە بیتە یا، خـــاوەن خووی بـاش بە
لێرد ناییل ناییل، هەراش هەراش بە
ســـەربەرز و بەرز ڕۆژگار بووە سەر
ملەتفرۆش مـەو هـــۆزت بۆ نـــەوەر
باوەڕ و هێز بە، مـــەكـــە چەكەرەك
خـــــوا لە پشـــتت بۆ نمـــــاری تەرك
فـــەقیر و هـــەژار لاوانـــــن باشـــە
دەوڵـەمـــــەن كاری و پـــارە باشـــە

كاتێك كە مەلا سەید یوسف نەقڵی پردێ نەبێ جەمیلیش لەگەڵی نەچێ، لەم حەلەدا كە (ڕۆژبەیانی) نیوچە موستەعید نەبێ، دەرس بە چەند فەقێیەكی سوختە نەڵێتەوە، كە نەمانە نەبن: (نەحمەدی مەلا كەریمی زەنگنەیی، حەمە نەمین دارەمانی، عەبدوڵڵا دارمانی، حوسێن و عەلی ناوێكی خەڵكی دەوری پردێ) و پاشان لە پردێوە نەگەڕێتەوە فەرقان، چەند مانگێ نەمێنێتەوە لە ساڵی ١٣٥٠ك/١٩٣٠ز بە زیزی ماڵی باوكی بەجێ نەهێڵێ نەچێتە هەولێر لە مزگەوتی حاجی قادری دەبیاغ لای (مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا كوڕی حاجی مەلا محەمەد نەمینی كونە فلوسەیی) نەبێ بە فەقێ و دەرسی (موطەووەل) نەخوێنێ، بەڵام

Preview sample - page 6 of 8 - Soran University Academic Digital Library

بنەماڵەی یاسین ئاغا هەبوولّ ناکەن لە مزگەوت بمێنێتەوە، ئەیگوێزنەوە دیوەخانەکەی خۆیان. لە پاش چەند مانگێك ئەچێتە دێی (عەوێنە) لای مەلا عوسمان ئەبێ بە فەقێ. لەگەڵ حەسەن ئاغای (عەوێنە) کە پیاوێکی خوێندەوار ئەبێ، ئەبێ بە دۆست، زۆر نامێنێتەوە یەکێ لە خزمەکانی بە دوای (جەمیل)دا ئەچێتە (عەوێنە) و ئەیهێنێتەوە هەواڵی کوشتنی باوکی پێ ڕادەگەیەنێ. ئەمە لە ساڵی ١٣٥٣ك/١٩٣٤ز دەبێ. لە ساڵی ١٣٥٥ك جەمیل بڕیار ئەدا بچێ بۆ پاکستان بۆ خوێندن، بڕا گەورەکەی (مەلا محەمەد ئەمین) و خزمەکانیان ناهێڵن. ئنجا بۆ خوێندن ڕوو ئەکاتە شارۆلکەی کفری (صەلاحییە) لەوێ لای موفتی محەمەد سەعید ئەفەندی بێوری سوەیلیی ئەمێنێتەوە، لێرە لەگەڵ بەگزادەکانی جاف ئەبێ بە دۆست. کەریم بەگ سەرۆکی جاف و داود بەگی برای هاموشۆیان ئەکرد و خەڵقی کفرییش زۆریان خۆش دەوێ. هەر لەوێ لەگەڵ حوسێن حوزنی خێوی گۆڤاری ڕووناکی ئەبێ بە دۆست. وتار ئەنێرێ بۆ گۆڤارەکەی، لە ساڵی ١٩٤٢ ئیجازەی عیلمی لای مامۆستای پایەبەرز (مەلا ڕەزای واعیز)ەوە وەرنەگرێ. دانەر نازناوی بە بەندی بڵاو بۆتەوە ئەویش ئەگەڕێتەوە بۆ بەندکردنی لە گرتووخانەکانی عێراق، چونکە پتر لە سێیەکی ژیانی لە بەندیخانەکان و ڕەهەنەیی بردۆتە سەر. هەمووی لەسەر کوردایەتی و بەرگری لە گەل و نیشتمانەکەی بوو. حەیف و مەخابن بۆ کتێبخانەکەی کە کەوتە بەر شاڵاوی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣ و سووتاندیان لە ناویا چەندەها دەسنووسی نایاب هەبوو، کە هیی خۆی و بەهەشتیی باوکی بوو.

لە پاش چوونی بۆ تێران و گەڕانەوە بۆ عێراق، لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٩ لە بەغدا مایەوە، نامۆژگارییەکەی باوکی لە گوێیا دەزرنگایەوە، کە وتی: (باوەڕ و هێز بە، مامەکە چەکەرەك) ئەویش لە ژیانیا چەکەرەکی لە دوژمن نەکردووە. لەو ماوەیە چەندەها نووسینی میژوویی بەنرخی بڵاو کردۆتەوە وەك: بەندەنیجین - مەندەلی - دەقوقاء - خانەقین - میژووی حەسەن وەیهی و عەیباری... هتد. شایانی باسە لەگەڵ ئەم هەموو ناڕەحەتییەدا دوو جار لە ژیاندا ڕێزی لێ گیراوە، یەك لە ساڵی ١٩٨٧ لە لایەن شاعیر و نووسەر و ئەندازیاری هەڵکەوتوو ڕێزدار خەسرەو بەگ جافەوە، دوو لە ١٩٩٤/٣/٣١ لە لایەن یەکێتیی میژوونووسانەوە خەڵاتی (وسام)ی پێ بەخشرا. بە چاونەترسیی خۆی مایەوە تا شەوی ٢٠٠١-٣-٢٧/٢٦ کە بە دڕندەترین شێوە لە لایەن کاسەلێسەکانی ڕژێمە ستەمکارەکەی بەعسەوە کوژرا، لە تەمەنی ٨٨ ساڵیدا بوو. لە کاتی ڕووداوەکەدا دەسیان لە کتێبخانەکەی وەردابوو چەندەها کتێبی بەنرخی نەمابوو، لە پاشان دەسیان بەسەر کتێبخانەکەدا گرت، بە هەرحاڵ بێ بە ماندووبوونێکی زۆر و بە هیممەتی دۆستەکانەوە، توانرا کتێبخانەکە لە قۆرگی

Preview sample - page 7 of 8 - Soran University Academic Digital Library

گورگ و چەقەڵ ڕزگار بکەین، بەڵام جێی داخە کە یاداشتنامەکەی لە چنگی نەوان مایەوە، تاکو ئێستا بێ سەر و شوێنە و جێی خۆشحاڵیمانە کە دەستنووسەکانی ڕزگار بوون.

با بێینە سەر ئەم کتێبە بەنرخە کە ناوی (وڵاتەکەت باشتر بناسە)یە. بەنرخە چ لە بارەی زانیاریی مێژوویییەوە و چ لە بارەی زانیاریی جوغرافیاییەوە. جگە لە چەندەها لێکۆڵینەوەی زانستی، دانەر هونەرێکی بەکار هێناوە نەویش نەوەیە کە لەسەر شێوەی پیتی هیجاییەوە واتا (الحروف الهجائية) نووسیوێتی. ئەم کتێبە بریتییە لە ٢٤٩ وتار، ئەمە لە ساڵانی شێست و حەفتاکاندا لە ڕادیۆی تارانەوە بەشی کوردی پەخش کراوە. تاکو ئێستا نەخراوەتە بەر چاوی خوێنەران و ڕۆشنبیرانی کورد، ئێمەش بە دەقی خۆیەوە نەیخەینە بەر چاوی خوێنەرانی خۆشەویست. تەنها چەند ڕستەیەك لا براوە، کە پەیوەندیی بە نێزگەوە هەیە، ئەمە وا، بەڵام بە داخەوە دوو وتاری بە ژمارە (١٢٠-١٢١) لەگەڵ لاپەڕەیەك لە وتاری ژمارە (١٣٨) ونە. ئێمە تکا ئەکەین هەرچی کەسێك زانیارییەکی دەربارەی نەو دوو وتارە و لاپەڕەیە هەیە ئاگادارمان بکەنەوە، یاخود ئاگاداری دەزگای ناراس بکەنەوە، نیتر نومێدەوارین توانیبێتمان خزمەتێ بە خوێنەرانی گەلەکەمان بکەین.

شێرزاد محەمەد ئەمین ئەحمەد ڕۆژبەیانی

٢٠٠٤/٢/١٢

Preview sample - page 8 of 8 - Soran University Academic Digital Library